**وەزارەتی داد**

**ژمارە : ٣٦٥/٣ لە ٢٠١٧/٥/٨**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە :-**

## پەیرەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧
## پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

**ماددەی (١):-**

**فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، تایبەتمەندن بە تۆمارکردنی رەفتارەکانی خانووبەرە ، وە ئەو حوکمە دادوەرییانەی پلەی کۆتایی و بنبڕیان وەرگرتووە ، لەگەڵ ئەو مافانەی خانووبەرەی رەسەن و پاشینەکانی ( الحقوق العقارية الأصلية والتبعية ) لە حوکمەکانی ئەواندا هاتوون ،و ئەو مافانەی بۆ وەچەی گشتی (الخلف العام) دەگوازرێنەوە .**

**ماددەی (٢):-**

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، بەڕێوەبەرێکی گشتی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا بەدەستهێنا بێت سەرۆکایەتی دەکات ، کە دەبێت بەکردار کارامەیی هەبێت لە ئیشوکارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، وە شارەزایی یاسایی هەبێت و ماوەکەی لە (١٠ ) دە ساڵ کەمتر نەبێت .**

**- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەرپرسیارە بەرامبەر بە وەزیر لە بە ئەنجام گەیاندنی مامەڵەکان بەگوێرەی یاسا و ڕێساکان ، دەبێت چاودێری کارەکانی فەرمانگەکەی و فەرمانگە لاوەکییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی بکات ، وە رێوشوێنی پێویست بۆ بەرەو پێش بردن و بەرزکردنەوەی ئاستیان بگرێتەبەر .**

**- بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە ، کە لە پرس و کێشە گرنگەکان راوێژ بە وەزیر بکات و لەکاروباری پەیوەست بە فەرمانگەکەی روونکردنەوەی بۆ بخاتە ڕوو ، راپۆرتی ساڵانە پێشکەش بە وەزیر بکات ، کە تیایدا رەوشی فەرمانگەو کارمەندەکانی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان لە رووی پێداویستییەکان و داواکارییەکان و چاکسازییەکان و باشترکردنی ئیش و کارەکان بخاتە ڕوو و دیارییان بکات.**

**ماددەی (٣):-**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، لەو بەڕێوەبەرایەتی و بەش و فەرمانگانەی لەخوارەوە هاتووە پێکدێت:-**

**یەکەم:- دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ، لەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبانە پێکدێت:-**

**١- بەڕێوەبەرایەتی لێوردبوونەوە :-**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر ، کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لەیاسا بێت و شارەزایی و لێهاتوویی و کارامەیی لەبواری یاساو کارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە هەبێت، یان ئەوەی کارامەیی لە ئیش و کارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە هەبێت ، کە ماوەکەی لە (١٠ ) دە ساڵ کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات ، یاریدەرێك یان زیاتر لەگەڵ ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن . وە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە هۆبەی تۆمارەکان و هۆبەی تۆمارکردنی زانیارییەکان و بەشی ئامار پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی لێوردبوونەوە بەم کارانەی خوارەوە هەڵدەسێت :-

أ- ئەنجامدانی گوازتنەوە( المناقلات ) لە تۆمارەکان و پێدانی زانیارییە پێویستەکان لەسەری و دانانی نیشانەی گلدانەوە و پاراستنی تۆمارەکان .

ب- تێکردن و هەڵگرتنی (ادخال وخزن ) سەرجەم تۆمارەکانی خانووبەرە ( وێنەی دووەم ) ی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، لە کۆمپیوتەر و پاراستنیان لە ئامێری سکانەری پێشکەوتوو.

ج- رێکخستنی خشتەی ئیشوکارەکان و خشتەی ئامارەکانی مانگانەو ساڵانەی هۆبەکانی لێوردبوونەوە و ووردبینکردنی سەرجەم خشتەکانی کە بۆیان هاتووە ، لەلایەن هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەو فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە، وە یەکخستنیان و پێدانی بەلایەنی تایبەتمەند .

**٢- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی:-**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر ،کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لە یاسا بێت ،کارامەیی لە یاساو ئیش وکارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە هەبێت سەرۆکایەتی دەکات ، وە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە هۆبەی پشکنین و بەدواداچوون و هۆبەی داواکان و هۆبەی لێکۆڵینەوە پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی بەو کارانەی خوارەوە هەڵدەستێت:-

١- دەربڕینی ڕا لەسەر ئەو بابەت و کەیسانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پێیدەدرێت .

٢- سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردن و رێکخستن و ووردبینیکردن و پێشکەشکردنی تێنووسەکان و بریکارنامەکانی یاسایی ( اللوائح والوكالات القانونية ) و بەدواداچوون و سۆراغکردنی ئەو داوایانەی بەرز دەکرێنەوە لە دادگاکان ، وە سەرپەرشتی نوێنەرایەتیکردنی یاسایی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە دادگاکان و لایەنە دادوەرییەکان، کە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لایەنێکن لە داواکان ، وە بەدواداچوونی رێگا یاساییەکانی پەیوەست پێیانەوە .

٣- سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو کارانەی پەیوەندییان بە پشکنینەوە هەیە ، لەکاتی بەدواداچوونی راپۆرتەکانی سەرپەرشتیارانی دادی ، لە دەستەی سەرپەرشتیاری دادی و چاودێری دارایی ، و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەکانی سەرپەرشتیارانی دادی دەکات.

٤- پێشکەشکردنی توێژینەوە و ڕاوێژی یاسایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکان.

٥- بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی هەڵدەستێت بە ڕاستاندنی ، گرێبەستەکان و بەڵێننامەکان و دەستەبەرەکان ، بەگوێرەی ماددەی نۆیەم لەیاسای دادنووسی ژمارە (٣٣ )ی ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان .

٣- **بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری:-**

فەرمانبەرێك کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لە ئەندازەی شارستانی یان دبلۆم کە خوێندنەکەی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت ، لەدوای خوێندنی ئامادەیی ، وە شارەزایی و کارامەیی لە ئیشوکارەکانی ئەندازە و رووپێوی هەبێت سەرۆکایەتی دەکات ، وە ژمارەیەکی پێویست لە ئەندازیار و رووپێوکار و وێنەکێش یاریدەی دەدەن ، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە هۆبەی ووردبینی هونەری و هۆبەی پلاندانان و هۆبەی وێنەکێشان و نەخشەکان پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری بەو کارانەی خوارەوە هەڵدەستێت:-

أ- ووردبینکردنی هونەری و نەخشەکان و وێنەکان و مامەڵەکانی رەفتارکردن و ئیشوکارە هونەرییەکانی دیکە ، کە بۆیان دەنێردرێت ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی لێوردبوونەوە و فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، وە تێبینییەکانی لەسەر دەردەبڕێت.

ب- ئامادەکردنی ئامێرەکان و ئامرازەکان و کەل و پەلەکان و پێداویستییە ئەندازەییەکان و هەر کاڵایەکی پێویستی دیکە ، بۆ دابینکردنی باش بەڕێوەچوونی کارە هونەرییەکان بەگوێرەی ڕێگا هونەرییە مۆدێرنەکان ، و پێدانیان بە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە وە چاودێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانیان و پاراستنیان .

ج- پێشنیارکردنی کردنەوەی خولەکانی ڕاهێنان ، بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرە هونەرییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویان .

د- چاودێرکردنی هەموو ئەو کارانەی پەیوەستە بە ئامادەکردن و ڕێکخستنی نەخشە و وێنەکان وسەرجەم کارە هونەرییەکان و ڕێکخستن و ئامادەکردنی نەخشەکان بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکان بەهۆی فەرمانبەرە هونەرییەکان .

هـ- سەرپەرشتیکردنی چاککردنەوەی باڵاخانەکان و دامەزراوەکان و ئامێرەکان و ئامرازەکان و کەل وپەلی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە و قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی ئاگرکەوتنەوە و ئەوانی دیکە لەڕووی هونەری ، بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی .

٤- **بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی:-**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یان دبلۆم لە کارگێڕی بێت سەرۆکایەتی دەکات، وە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە هۆبەی میلاکات و هۆبەی دۆسیەکان و هۆبەی پلە بەرزی و سەرمووچە پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی بەو کارانەی خوارەوە هەڵدەسێت :-

أ- مۆڵەتەکان و پلە بەرزی و سەرمووچە و گوازتنەوە و دامەزراندن و کۆتایی هێنان بە راژەو خانەنشینکردن و پێڕاگەیاندنی فەرمانەکان و بڕیارەکانی دەرچوو بەو کارانەوە ،وە گشت ئیش و کارەکانی پەیوەندار بە بەرزەفتکردنی فەرمانبەران ( انضباط الموظفين ) لەگەڵ پێڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی سزاکان .

ب- رێکخستن و پاراستنی دۆسیەی کەسیەتی فەرمانبەران و چەسپاندنی پوختەی دۆسیەکان و بەستنی ڕاپۆرتی تایبەت بۆیان.

ج- چەسپاندنی تەمەنی فەرمانبەران.

د- ئامادەکردن و رێکخستنی دەفتەری راژە .

هـ- رێکخستنی ناسنامەی کەسی فەرمانبەران .

و- ئامادەکردنی تۆمارەکانی میلاکی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پۆلینکردنی فەرمانبەران .

٥- **بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی:-**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یان دبلۆم لە کارگێڕی ، یان ئەوەی شارەزاییەکی بەرفراوانی لە بواری کارگێڕی هەبێت و بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت سەرۆکایەتی دەکات ، وە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە بەشی خزمەتگوزارییەکان و هۆبەی کۆمپیوتەر هۆبەی وەرگرتەو دەرکردە و هۆبەی کۆگا پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی بەو کارانەی خوارەوە هەڵدەسێت :-

١- چاودێریکردنی دەوامی فەرمانبەران.

٢- چاودێریکرنی چاککردنەوەو (صیانە ) پاك و خاوێنی .

٣- سەرپەرشتی لەسەر سەلامەتی فەرمانگەو پێکهاتەکانی لە هەموو ڕووداوە نەخوازراوەکان دەکات ، بەهاوکاری بەش و هۆبەکانی دیکەی فەرمانگە.

٤- دابەشکردنی ئیشوکار بەسەر فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری و چاودێریکردنی ئەرکەکانیان.

٥- سەرپەرشتیکردنی پرسگەی فەرمانگە .

٦- رێکخستنی کاروباری پەڕاوەکانی هاتوو و دەرچوو .

٧- رێکخستن و بەدەستگرتنی تۆمارەکانی پێویست بە پەڕاوەکان و مامەڵەکانی هاتوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی، وە ئەو پەڕاوانەی دەردەچن و پاراستنیان لە دۆسیەکان بە پۆلینکراوی.

٨- دابەشکردنی مامەڵەکان و پۆستەکانی هاتوو لە فەرمانگەکانی دیکەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەپێی تایبەتمەندی .

٩- ڕێکخستنی کاروباری کۆگا و ڕێك و پێکردنیان و پاراستنی پێکهاتەکانیان و تۆمارکردنیان ، وە هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیان بە پێدان و وەرگرتنی ئامێرەکان و ئامرازەکان و کەل و پەلەکان و کاڵاو پێداویستی پەڕاوگەو کورسی و مێزو دۆلاب .......... تد هەیە و تۆمارکردنیان لە تۆمارەکان و هەڵگرتن و پاراستنیان و چاککردنەوە و ئامادەکردنیان بۆ هۆبەو فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە .

٦- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری :-

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لە ژمێریاری یان دبلۆم لە ژمێریاری بێت ، و شارەزایی لە کاروباری دارایی و ژمێریاری هەبێت سەرۆکایەتی دەکات ، وە ژمارەیەکی پێویست لە فەرمانبەرانی ژمێریاری یاریدەی دەدەن، کە ژمێریاران یان یاریدەدەری ژمێریاران یان ووردبینان و فەرمانبەرانی دیکە بن ، وە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە هۆبەی ژمێریاری و هۆبەی بوودجە پێکدێت .

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بەو کارانەی خوارەوە هەڵدەستێت :-

١- دیسپلینکردن و ڕێکخستنی ژمێرکاری داهات و خەرجییەکانی گشتی و ئامادەکردنی بوودجەی گشتی .

٢- پاراستنی پەڕاوە بە بەهاکان و دابەشکردنیان بەسەر فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە .

٣- سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی مۆرەکانی فەرمی (الاختام الرسمية ) .

٤- چاودێریکردنی کاروباری کرێ و بەکرێگرتن و خەرجکردنی کرێیەکان .

٥- ووردبینکردنی خشتەی داهات و خەرجییەکانی مانگانە وە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دەربارەیانەوە ئەگەر پێویست بوو ، وە یەکخستنی خشتەکان و دانی بەلایەنی پەیوەندار لە کاتی دیاییکراو .

٧- هۆبەی ووردبینی ژمێریاری :-

ئەرکەکەی ووردبینکردنی سەرجەم کارەکانی ژمێریاری (خەرجییەکان و داهاتەکان )-ە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کارەکانی ووردبینی لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە .

٨- هۆبەی تەکنەلۆجیایی زانیاری( I.T ) :-

٩- نووسینگەی تایبەت:- لە سکرتێر و خامەی نهێنی و ژمارەیەکی پێویست لە فەرمانبەران پێکدێت .

دووەم :- فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ئەوانەن :-

أ- بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە پارێزگاکان و قەزاکان:-

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لە یاسا بێت ، و کارامەیی لە یاساو ئیشوکارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە هەبێت بۆماوەیەك کە لە (٧ ) حەوت ساڵ کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات، وە ژمارەیەك لە یاریدەدەر یارمەتی دەدەن بەپێی پێویستی کار .

- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لەو هۆبانەی خوارەوە پێکدێن:-

- هۆبەی تۆمارکردن
- هۆبەی دۆسیەکان

- هۆبەی ژمێریاری
- هۆبەی هونەری
- هۆبەی کارگێری و خۆیەتی
- هۆبەی یاسایی
- هۆبەیووردبینی ژمێریاری
- هۆبەی گلدانەوە
- هۆبەی کۆمپیوتەر
- هۆبەی تۆمارەکان .

-دەکرێت هۆبەی دیکە پێکبهێنرێت ، لە پێناو بەرژەوەندی ئیشوکار بەدەرکردنی بەیانێك لەلایەن وەزیری داد .

ب- دەستەکانی لێوردبوونەوەی نامەڵبەندی :-

دەستەکانی لێوردبوونەوەی نامەڵبەندی لە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتییەکان بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی پێکدەهێنرێت ، دەبێت کارەکانیان پەیوەست بێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، وە لەسەرۆکی دەستەو ژمارەیەك لە ئەندامی دەستە پێکدێت کە لە (٢ ) دوو ئەندام و (١ ) یەك ئەندامی هونەری کەمتر نەبێت .

ئەرکەکانیان :-ووردبینکردنی ئەو مامەڵانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان و تێبینەرایەتییەکان بۆیان دێت و هاوتاکردنی لەگەڵ وێنەی دووەمی تۆمارەکانی خانووبەرەی مانگانە ، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەگەڵ یاساو رێنماییە بەرکارەکان هاوتان .

ج- تێبینەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە قەزاو ناحیەکان :-

فەرمانبەرێك کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس لە یاسا بێت ، و کارامەیی لە یاساو ئیشوکارەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە هەبێت ، بۆماوەیەك کە لە (٣ ) سێ ساڵ کەمتر نەبێت ، یان شارەزایی و کارامەیی لە ئیشوکارەکانی تۆماکردنی خانووبەرە هەبێت کە لە (٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت ، بەڵام بەلایەنی کەم ، دەبێت هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت سەرۆکایەتی دەکات . وە تێبینەرایەتییەکان بە سەرۆکایەتی تێبینەر و یارمەتیدانی بەرپرسانی کاروباری کارگێڕی و ژمێریاری و هونەری وە ژمارەیەکی پێویست لە فەرمانبەران پێکدێت . وە تێبینەر هەموو دەسەڵاتە یاساییەکانی کە بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە پیادەی دەکات بەکاری دەهێنێت ، بێجگە لەوانەی کە بەدەقی یاسا ، تەنها بۆ بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە دیارییکراوە.

**ماددەی ( ٤ ):-**

١- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بۆی هەیە ، هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بەڕێوەبەرەکانی دیوان ، یان بەڕێوەبەرەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاساکان بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە ( ٤٣) ی ساڵی (١٩٧١) و هەموارکراوەکانی .

**ماددەی ( ٥ ):-**

١- بەڕێوەبەری بەشەکان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، و بەڕێوەبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، و تێبینەرەکان لە تێبینەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە ، بۆیان هەیە ئەرك و ئیشوکارەکان بەسەر کارمەندەکانیان دابەش بکەن لە فەرمانگەکانیان. وە بەڕێوەبەرەکان و تێبینەرەکانی سەرەوە بەرپرسیارن بەرامبەر بە بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی فەرمانگەکانیان ، وە تێبینەر بەرپرسیارە بەرامبەر بە بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی پەیوەندار لەلایەنی کارگێڕییەوە.

٢- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەکاتی دیاریکراو و پێویست لەسەر لێهاتوویی و توانای فەرمانبەرەکان لەمەڕ بەڕێوەچوونی کارەکانیان ، لەگەڵ پێشنیارەکانیان دەربارەی ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە بگیرێتە بەر .

٣- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی نهێنی ساڵانە بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەسەر کارمەندەکانیان .

**ماددەی ( ٦ ):-**

ئەو پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت .

**ســـنان چـلبــی**

**وەزیــری داد**